یاسای لەبوردەیی گشتی دەچێتە بواری جێبەجێکردن و پێشبینی دەکرێت 50%ی زیندانیان ئازادبن

لیژنەی ئاسایش و بەرگری لە پەرلەمانی عێراق ڕۆژی پێنجشەممە پێشبینی کرد، کە یاسای لەبوردنی گشتی نزیکەی نیوەی زیندانیانی عێراق دەگرێتەوە و ئاماژەی بۆشکرد کە لە ماوەی داهاتوودا بەندیخانەکان کەمبوونەوەی زۆری زیندانیان بەشوێنی بەرچاو بەخۆوە دەبینن.

عەلی بەنداوی، ئەندامی لیژنەکە دەڵێت: "یاساکە دەستی بە جێبەجێکردن کردووە، بەڵام هێوشوێنی ورد دەگرێتەبەر"، دەشڵێت: لەبوردنی گشتی ژمارەیەکی زۆر لە تۆمەتباران دەگرێتەوە، جگە لە گروپە تیرۆریستییەکان و ئەوانەی دەستیان بە تاوانی کوشتن هەبووە.

ئەندامی لیژنەی ئاسایش و بەرگری لە ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراق دەڵێت: لەوانەیە لە 40 بۆ 50 لە سەدا زۆری زیندانیان لە بەندیخانەکان کەم ببێتەوە، چونکە لەبوردنی گشتی چەندین تاوانی بچووک دەگرێتەوە، وەک و ماددە هۆشبەرەکان کە بڕیان لە 50 گرام کەمترە.

ئەندامی لیژنەی ئاسایش و بەرگری جەختی لەوە کردەوە کە جێبەجێکردنی یاساکە یارمەتیدەر دەبێت بۆ کەمکردنەوەی گوشارەکان لەسەر بەندیخانەکان و کەمکردنەوەی تێچوونە دارایییەکانی دەوڵەت بۆتایبەتی لە بواری خواردنی زیندانییەکان و دابینکردنی پەداویستی لەجستیکی.